


## گوگل خولی رۆژنامەنووسی دەكاتەوە

مژدەیـــەك بۆ ئەوانەی كە حەزدەكەن لە خولی رۆژنامەنووســـیدا بەشـــدار بن، كۆمپانیای گوگل خزمەتگوزارییەكی نوێی كردۆتەوە بۆ ئەو فێرخوازانەی كە نیازیان هەیە لە خولەكانی رۆژنامەنووسیدا بەشداربن. بە وتەی بەڕێوەبەری گوگل، گشت رۆژنامەنووسەكانی جیهان دەتوانن لەو خولانەدا بەشـــدار بن. وانەكان لە بواری، توێژینەوە، راپۆرت ئامادەكردن، ئامادەكردنی هەواڵ لە ماس میدیاكاندا. ئەوانەی حەز دەكەن بەشـــدار بن ســـەر لەم ئادرەســـە بدەن newslab.withgoogle.com و سوودمەند دەبن لە وانەكان كە لەلایەن گروپی رۆژنامەنووســـی، بەریتانی، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمەریكاوە ئامادە كراوە.

## داتاشۆ نوێیەكان ئینتەرنێتیش وەردەگرن




حـــەز دەكەی ســـایتێك بكەیـــەوە بە قەد لادیوارێك، مەبەســـت ئەوەیە لەسەر دیواری ماڵەوەتان فەیســـبووكەكەت بكەیـــەوە، یان فیلمێك نیشان بدەی، یان نەخشەی جێگایەك دەستنیشان بكەی؟ لەم دواییەدا كۆمپانیای LG چەند داتاشۆ واتە پرۆژكتەرێكی خستە بازاڕەوە كە تواناكانیان لە ڤیدیۆ پرۆژكتەرەكانی دیكە جیـــاوازن، بۆ نموونـــە: لەگەڵ هەموو ئامرازە هۆشـــمەندەكان وەك مۆبایل، تەبلێت، TV...تـــاد دەگونجێن، بە تـــۆڕی ئینتەرنێت پێوەند دەدرێ و بەهۆیەوە دەتوانی سەردانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بكەی و نەخشـــەكانی گوگل بكەیەوە، تەلەڤزیۆنی لەخۆیدایە، واتە بەبێ تیڤی كەناڵەكان وەردەگرێت. كوالیتی نیشاندانی فول ئێچ دییە. سیستەمەكانی وایەرلەیس وەك، wi-fi، dlana،fi و بلوتوسی هەیە.



# تەبلێتێک بۆ نابینایان

ئــەوە روونە ئەوانەی نابینــان یان کەم بینــان ناتوانن بەو جۆرەی پێویستە سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر و تەبلێت..تــاد وەربگرن. ئەوان دەبێت تەکنەلۆژی تایبەت بەخۆیان هەبێت و بەشــێوەی لەمس بتوانن ســوودیان لێوەربگرن.
کۆمپانیایەك ئەو رێچکەیەی شــکاندووە و یەکەم تەبلێتی تایبەتــی بۆ نابینایــان بەرهەم هێناوە، ئــەم تەبلێتە نوێیە کە بە blitab ناســراوە، دەکرێت وەك شۆڕشــێکی دیجیتالی سەیر بکرێت بۆ نابینایان. تەبلێتە نوێیەکە وێنەی لەمسی، نەخشە، بەشێوەی بەرجەستە لەســەر تەبلێتەکە نیشان بدات. لە تەبلێتە نوێیەکەدا ئەو بابەتانەی دەقن و دەکاتە خەتی برێل کە خەتەکە تایبەتە بە نابینایان.






# تەلەفۆنێک تایبەت بە منداڵان

لــە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا منداڵان دەتوانین بڵێین پشــکی شــێریان بەرکەوتووە، هەرچــی بۆ گەورەکانیش هەبێت، بۆ ئەوانیش هەیــە، بە جۆرێکیش بەرهەم هاتوون کە لە گــەڵ جیهانی ئەواندا بگونجێت. تەبلێت و لاپتۆپ و مۆبایلی تایبەت بە منداڵان هەیە، لــەم دواییەدا کۆمپانیایەك تەلەفۆنێکی تایبەت بە منداڵان بەرهەمهێنا کە بە تەلەفۆنی جۆری ILY وای ناسراوە. منداڵان دەتوانن بە هۆیەوە پێوەندی ڤیدیۆییان لەگەڵ دایك و باوکیان هەبێت. هەروەها دەتوانن وێنەشیان بۆ بەرێ بکەن. بۆ ئەوەی کە منداڵان بە ئاسانی بتوانن سوودی لێوەربگرن، دەتوانن لە سەر شاشەکە ناوی ئەو کەسانە بە وێنەوە زیاد بکەن کە منداڵان رۆژانە پێوەندییان پێوە دەکەن. پرۆگرامێکی تایبەت بە وێنەکێشــانی تێدایە، دەتوانن دوای کێشانی وێنەکە بۆ ئەوانــەی نیازیان هەیە بەرێی بکەن. تەلەفۆنەکە هێڵی ئینتەرنێتی لەسەر دانانرێ.

# پایسکلی هۆشمەند بە ئاگات دێنێتەوە



گەرچی لە پێشــوودا پایسکل هەموو هێزی خۆی لە بەکارهێنەرەکەی وەردەگرت و تەنیا بە پێدان کاری دەکرد و تەنانەت هەڵبوونی گلۆپێك کە لە ســەر سوکانەکە بــوو، لە هێزی پێدان وەردەگرت، بەڵام لەم ســەردەمەدا پایســکلیش وەك زۆربەی ئامێری دیکە گۆڕانی بەســەردا هاتووە، پایسکلی جۆری MoDe:Flex کە لەلایەن کۆمپانیای فۆردی ئەمەریکییەوە دروستکراوە، جگە لە پێدان، مۆتۆرێکی بچووك و باتری لەگەڵدایە و پایســکلەکە قەدیش دەکرێت و دەتوانی بە ئاسانی هەڵیبگری.
پایســکلە هۆشــمەندەکە لەگەڵ مۆبایــل پێوەند دەدرێت و بەهــۆی پرۆگرامێکەوە ئاگادارت دەکاتەوە کە بۆ گەیشــتن بە شــوێنی مەبەست چەندە دەبێت پێدان لێبدەی و چەندە وزەی پێویستە. هەروەها بەکارهێنەرەکەی لە کەش و هەوای ناوچەکە، رێگەوبانەکان و قەرباڵغییەکان ئاگادارت دەکاتەوە. خاڵی جێگای ســەرنج ئەوەیە کە بەرلەوەی بگاتە تاسە، یان قووڵکەیەك، سوکانەکەی دەست دەکات بە لەرزین و بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.




## مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلەکەت دەکات

دەرگای ئۆتۆمبیلەکەت دانەخستووە؟ لەبیرت چووە سەقفی سەرەوە هەڵبدەیەوە، یان دەزانی ئۆتۆمبیلەکەت چەندە بەنزینی تێدایە و باترییەکەی لە چ ئاستێکدایە؟ گشت ئەو زانیارییانە تەنیا لەسەر مۆبایل، یان تەبلێتەکەت بزانە.

پرۆگرامی VW Car-net کە تایبەتە بە ئۆتۆمبیلەکانی فولکس واگۆن، ئەو زانیارییانەی ئاماژەمان پێدان بە خاوەنەکەی رادەگەیەنێ، جگە لەوەش دەکرێت هەر لەسەر مۆبایلەکەت، هۆڕن لێبدەی، یان گڵۆپە فلاشەکان پێبکەی، زیاتر لەوەش دەتوانی شوێنی ئۆتۆمبیلەکەت لەسەر نەخشە ببینی، یان ئەگەر دایك و باوکان نیگەرانن لەوەی منداڵەکانیان لە چ شوێنێکن، یان بە چ خێراییەك ئۆتۆمبیل لێدەخوڕن، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەزانن، ئەگەر خێراییەکەی لەو ئاستەدا نەبوو کە بۆی دیاریکراوە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. (خۆزگە بۆ کوردستان ئەوەشی لێ زیاد دەکرا کە فیت پەمپەکەی زۆری ماوە بسووتێ، یان نا، یان بەنزینەکەی چەندە ئاوی تێدایە!)




## تیرێک لە کەوان

پەندێك لەلای ئێمە باوە کە دەڵێن: ”تیرێك لە کەوان دەرچوو تازە ناگەڕێتەوە“، بەڵام گوگل لە هەوڵدانێکدا نیازی هەیە ئەم پەندە ڕەدبکاتەوە، چونکە هەروەك دەزانن کە کاتێك ئیمەیلێك بۆ کەسێك دەنێری، ئیدی جارێکی دیکە ئەو ناتوانیٚ کاتێك بەرێت کرد، پەشیمان ببیەوە، چونکە تیرەکە تازە لە کەوان دەرچووە.

لە خزمەتگوزاری نوێی جیمەیلی گوگلدا،

## هاردی مەجازی




کاتژمێرە هۆشمەندەکان هەروا دێن و ئەرکی تریان بۆ زیاد دەبێت، زۆربەیان تایبەتن بە تەندروستی و وەرزشکردن، بەڵام کاتژمێری هۆشمەندی ReVault جگە لە وەی کاتژمێرێکی هۆشمەندە، هاردێکیشە بۆ هەڵگرتنی داتاکان، کە لە ڕێگای بلوتوس و وای-فایەوە بە مۆبایل و



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ماوەیەکە گرفتێکم بۆ هاتۆتە پێش، هەر سایتێك کە نیازم هەیە بیکەمەوە لەبری ئەو سایتە سایتێکی دیکە دەکرێتەوە، یان کاتێك کلیك لەسەر شتێك دەکەم بۆ شوێنێکی دیکە دەچێت ئایا ئەمە ڤایرۆسە؟ چونکە ئەنتی ڤایرۆسم لێدا کەچی هەروەك خۆیەتی، ڕێگاچارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز بە دڵنیاییەوە ئەمە ڤایرۆسە، نەك ڤایرۆس بەڵکو ترۆجان یان کرمی کۆمپیوتەرە، زۆر لە ئەنتی ڤایرۆسەکان ناتوانن ئەم ڤایرۆسە لەناوبەرن، چونکە ئەنتی ڤایرۆسەکەت بە شێوەی free لەسەر کۆمپیوتەرت داناوە، بۆیە هەموو ڤایرۆسێك ناتوانێت لەناوبەرێت، بۆ ئەمە یان ئەنتی ڤایرۆسێکی باش دابنیٚ، یان کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەوە.



## دەرچوو دەگەڕێتەوە!!

بەکارهێنــــەر دەتوانــێ تاکو چەنــد خولەکێك دوای ناردنی ئیمێڵەکە پاشــگەز بێتــــەوە و بیگەڕێنێتەوە. ئەم خزمەتگوزارییە کە بە undo send ناســراوە، گشت بەکارهێنەرانی جیمەیل دەتوانن بە ئاسانی سوود لەو خزمەتگوزارییە وەربگرن. دەتوانی چەند چرکەیەکی بــۆ دیاری بکەی بۆ گەڕاندنەوەی، لە پێنج چرکەوە هەتا سی چرکە کاتت لەبەردەستدایە. بەڵام دوای ئەو ماوەیە تیرە لە کەوان دەرچووەکە قەت ناگەڕێتەوە.



## قەوان سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە

بەرلەوەی کاسێت بەرهەم بێت، لە زۆر کۆندا بازنەیەکی گەورەی ڕەشی گەورە هەبوون کە پێی دەگوترا، قەوان، یا واتا زانســتییەکەی "vinyl". قەوان یەکەم ئامێر بوو کە دەنگیان لەسەر تۆمار کرا، وەك دەڵێن یەکەم قەوانی گۆرانی کوردییش گۆرانییەکانی ســەید عەلی ئەسغەر کوردســتانی و کاوێس ئاغا بوون. لە حەفتاکان بەولاوە ئیدی قــەوان کۆکرایەوە و کاســێت ریکۆردەر جێگای گرتەوە. بەڵام لەســەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا قەوان بە بەرگێکی دیکەوە گەڕاوەتەوە. قەوانی دیجیتالی! لە قەوانە دیجیتالییەکەدا لەبری دەرزی لە هەستەوەرێکی دیجیتالی ســوود وەردەگیردرێت. خــودی ئامێرەکەش لــە داری گوێز دروســتکراوە و جگە لــەوەش ریمۆت کۆنترۆڵیشی لەگەڵدایە.

## ـــــە پەنجەکانتدا



تەبلێــت و کۆمپیوتەر پێوەنــد دەدرێــت و هەر لــەو ڕێگایەوە زانیارییەکان ئاڵوگــۆڕ دەکرێن. ئــەم کاتژمێــرە دوو جــۆری ٣٢ گێگابایتــی و ١٢٨ گێگابایتــی هەیــە. بەهــۆی ئــەو کاتژمێــرەوە پێویست بە بەکارهێنانی فلاش میمۆریش ناکات.




## سایتێک بۆ دیزاینەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

ئەوانەی کاری دیزاین و نەخشەســازی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەکەن، پێویستیان بە وێنەی PSD و وێنەی vectors، ئەم وێنانە کارو ئەرکی نەخشەسازی ئاسانتر دەکەن. گەلێك سایت هەن کە تایبەتن بە نەخشەسازی و وێنەی vectors، یەکێك لەم سایتانە، ســایتی http://www.123freevectors.com/ لەم سایتەدا بە هەزاران وێنەی تایبەت بە دیزاین هەیە کە وەرگرتنەکەیان FREEیە واتە بەخۆڕایی. وێنەکان دەستەبەندی کراون بەکارهێنەر دەتوانێ ئەوەی مەبەستیەتی لە ناو وێنەکاندا بیدۆزێتەوە.